KREIS VIERSEN

Kommunales Integrationszentrum Kreis Viersen



©Robert Kneschke – stock.adobe.com

# منداڵەکەم دەڕواتە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان(کیتا)

## هەندێک ئامۆژگاری بۆ باوان سەبارەت بە چاودێریکردنی منداڵان

### بەم زمانانەی خوارەوەش بەردەستە:

ئەلبانیایی

عەرەبی

ئینگلیزی

فارسی

فەڕەنسی

کوردی کرمانجی

پۆڵۆنی

ڕۆمانی

ڕووسی

تورکی

ئۆکراینی

# ناوەرۆک


پێشەکی 5

چاوێری لە منداڵان لە ئەڵمانیا 6

چاوێری لە منداڵان چیە؟ 7

مەبەست چیە لە دایکی ڕۆژانە/باوکی ڕۆژانە؟ 8

کێ مافی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی هەیە؟ 8

تێچوونی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چەندە؟ 9

ژیان لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی چۆنە؟ 10

بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان (KiTa) چیە؟ 11

بۆچی منداڵەکەم پێویستە بڕواتە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان؟ 11

تێچوونی چاودێری لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چەندە؟ 12

سەرەتای بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان- گونجاوبوون 13

ڕۆتینی ڕۆژانەی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان 14

منداڵەکەم بۆ ڕۆیشتن بۆ بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چی پێویستە؟ 14

هەندێک خاڵ و تێبینی بۆ ڕابواردنی کات و ساتی خۆش و بەبێ گوشاری دەروونی
لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان 15

زانیاری بۆ باوان – ڕووداوەکانی باوان 15

گرووپی فرە زمانەی باوان - منداڵ 16

یارمەتی پێشوەخت – پشتگری و ئامۆژگاری بۆ ئەو بنەماڵانەی منداڵی تەمەن تاکوو 3 ساڵیان هەیە 17

پشکنین بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەخت – دەرفەتێک بۆ هەر منداڵێک 19

پۆرتاڵی KITA-ONLINE 20

پرۆگرامی فیدراڵی هاتنەناو بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان: دروستکردنی پرد لە ڕاهێنانی پێشوختدا 21

ئەدەبیات 22


© Gebhard Bücker für den Kreis Viersen

# باوانی بەڕێز،

سەرەتای کاتی باخچەی ساوایان بابەتی نوێ لەگەڵ دایە بۆ تۆ و منداڵەکەت. بەدڵنیاییەوە وەک باوان سەبارەت بەم قۆناغە لە گەشەکردن گەلێک پرسیارت هەیە:

- کەی کاتی باخچەی ساوایانە
- چۆن دەتوانم بنکەی چاودێری منداڵان یان بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی گونجاو بدۆزمەوە
- گۆنجاو چۆن جێبەجێ دەکرێت؟
- منداڵەکەم چی پێویستە لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا؟

بۆئەوەی بتوانیت هەرچی باشتر ئامادە بیت بۆ قۆناغێکی نوێ لە ژیان، لەم نامیکانەدا هەموو زانیارییە گرنگەکان دەربارەی کاتی باخچەی ساوایان دەخەینە بەردەستت. ئەوە پشتگیری و ئاڕاستەکردنت بۆ دەکات کە منداڵەکەت دەتوانێت چاوەڕێی چی بکات لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان و چاودێری ڕۆژ و چ پشتگیریەک لە هەر حاڵەتێکدا وەردەگرێت. ئەگەر پرسیارت هەیە، هاوکارەکانمان بەخۆشحاڵییەوە بەردەستن.

بۆ تۆ و منداڵەکەت هیوای شادی زۆر و باشترین ئاواتەکان دەخوازم.

بەڕێوەبەری ناوچەی تۆ


دکتۆر ئەندریاس کۆنەن

# چاوێری لە منداڵان لە ئەڵمانیا

## بژاردەکانی چاودێری بۆ منداڵانی تەمەن تاکوو 6 ساڵان

**چاودێری ڕۆژانەی منداڵان:** منداڵانی **خوارووی سێ ساڵان** لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان لە گرووپی بچووکدا لە لایەن کەسانی شایشتەوە چاودێری دەکرێن کە پێیان دەوترێت دایکی ڕۆژانە یان باوکی ڕۆژانە. ئەمە پشتگری تاکەکەسی دەرەخسێنێت. چاودێری بەگشتی لە ماڵی دایکی ڕۆژانە یان باوکی ڕۆژانەدا یان لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا جێبەجێ دەکرێت.

**بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان/باخچەی ساوایان (بەکورتی KiTa ):** منداڵانی نێوان **دوو تاکوو شەش ساڵان** بەگشتی چاودێری و پشتگری دەکرێن لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا. بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان ئەرکی پەروەردەکردن، ڕاهێنان و چاودێریکردنیان هەیە. ئەمە واتا گەشەی کۆمەڵایەتی، سۆزداری، جەستەیی و بیری منداڵ بە شێوەی هەمەلایەنە و تاکەکەسی پشتگری دەکرێت.




وێنەی 1: پیشاندانی ساکاری بژاردەکانی چادێری منداڵ لە ئەڵمانیا

**کوتان- کوتانی سووریژە!**

**هەموو ئەو منداڵانەی کە لە باخچەی ساوایان، لە بنکەکانی ڕۆژانەی منداڵان یان لە لایەن دایکی ڕۆژانە یان باوکی ڕۆژانەوە چاودێری دەکرێن، بەڵگەی کوتانیان پێویستە.**



© Africa Studio – stock.adobe.com

## چاوێری لە منداڵان چیە؟

- چاودێری ڕۆژانەی منداڵان بژاردەیەکی چاودێری و ڕاهێنانی پرۆفشیناڵە.
- چاودێریکردن لە منداڵ دەکرێت لەم شوێنانەی خوارەوەدا پێشکەش بکرێت: لە ماڵەوە کەسە چاودێرەکە، لە تۆڕدا وەک بنکەیەکی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان یان لە هەندێک بابەتەدا لە ماڵی باوان

چاودێری ڕۆژانەی منداڵ:

- گونجاوە بەتایبەتی بۆ منداڵانی 1 تاکوو 3 ساڵان
- چاودێری خێزان و بەخێوکەرێکی جێگیر
- گرووپێکی بچووک لە منداڵان تاکوو پێنج منداڵ
- کاتی چاودێری دەگۆڕدرێت: لە 15 کاتژمێرەوە بۆ 45 کاتژمێر
- بە شێوەی تاکەکەسی گونجاو لەگەڵ پێداویستییەکانی منداڵان
- ڕاهێنان و پشتگری یەکپارچەی ڕۆژانە و کەسانی شیاوی چاودێری منداڵان.

## مەبەست چیە لە دایکی ڕۆژانە/باوکی ڕۆژانە؟

- بەگشتی دایکێکی ڕۆژانە یان باوکێکی ڕۆژانە ئەوپەڕی چاودێری پێنج منداڵ دەکات لە ماڵی خۆیی یان ژووری بەکرێگراوی تایبەتدا.
- منداڵان دەتوانن لە لای دایکی ڕۆژانە یان باوکی ڕۆژانە یاری بکەن و شت فێر بن. ئەوان زۆر بەباشی چاودێری دەکرێن لە هەمان کاتدا دایک و باوکیان دەتوانن کاری گرنگی تر بکەن.
- کەسانی چاودێری منداڵان لە خولەکانادا بەشدار بوون و ڕاهێنانیان بۆ کراوە، بۆ چاودێری منداڵان ئەوان مۆڵەتیان هەیە لە نووسینگەی بەرپرسانی منداڵانەوە بەرپرسەکەی (نووسینگەی ئاسایشی گەنجان)ە و بەردەوام پشکنین و کۆنترۆڵ دەکات. شوێنەکەش پشکنین و لێکۆڵینەوەی بۆ دەکرێت.

## کێ مافی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی هەیە؟

- بەپێی §24 SGB VIII، مافی یاسایی هەیە بۆ چاودێری تەواو کاتی منداڵ. کۆتایی 1 ساڵی ژیان.
- بۆ ئەم مەبەستە دەبێ 6 مانگ بەر لە دەسپێکی چاودێری بە نووسینگەی ئاسایشی گەنجان ڕابگەیێنرێت.
- وەرگیران لە چاودێری بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا لەڕێگەی ئامۆژگاری پسپۆڕییەوە ئەنجام دەدرێت. بۆ ئەمە پۆرتاڵی ناو تۆمارکردنی "Kita-Online„ شاری پەیوەست بەکار بێنە یان شارەوانی ناوچەی ڤیرسەن.
- هەموو منداڵان لە ئەڵمانیا مافی ڕاهێنان، پەروەردە و چاودێریان هەیە و ئیزنی هەبوونی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان یان چاودێری ڕۆژانەی منداڵانیان هەیە، تەنانەت ئەگەر باوان دەوام نەکەن.

## دۆزینەوەی شوێنێکی چاودێریکردنی منداڵان

### بژاردەی 1

- تەنیا پەیوەندی بکە بە نووسینگەی ئاسایشی گەنجانی بەرپرسەوە. وە ئەو نووسینگەیە، نووسینگەی ئاسایشی گەنجان لەو ناوچەیە کە لە ئێستادا لەوێ نیشتەجێیت. زانیاری پەیوەندی نووسینگە پەیوەستەکان لە ڤیرسەن دەتوانیت لە ئینتەرنێتدا بدۆزییەوە

### بژاردەی 2

- دەربارەی شوێنەکانی چاودێریکردنی منداڵان لە ناوچەکەت و ڕاپۆرتی پێویست لەڕێگەی پۆرتاڵی ئینتەرنێتی KITA-ONLINE لە ناوچەی ڤیرسەن زانیاری زیاتر بەدەست بێنە.

### بژاردەی 3

- پەیوەندی بکەیت بە چاودێرێکی ڕۆژانەوە. دەتوانیت چاودێرێکی ڕۆژانەی باش بدۆزییەوە لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا. تۆ بۆ دۆزینەوەی چاودێرێکی ڕۆژانە دەتوانیت ڕاستەخۆ بڕۆیە ئەوێ و داواکاری پێشکەش بکەیت پاشان چاودێری ڕۆژانە پێت دەڵێت ئاخۆ دەتوانێت چاودێری منداڵەکەت بکات یان نا و چ بەڵگە و زانیارییەک پێویستە.

## تێچوونی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چەندە؟

- بۆ بەکارهێنانی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان، دانی پارە پێویستە بە نووسینگەی ئاسایشی گەنجان ڕێژەی بەشی تێچوونەکە پەیوەستە بە بڕی داهاتی ناپوختەی تۆ ژمارەی ئەو چاودێریانەی ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە و کاتژمێری چاودێریکردن.


i

**زانیاری پەیوەست بە چاودێرانی منداڵان لە ناوچەکەت دەتوانیت لە ماڵپەڕەکەدا بدۆزییەوە: www.familienwegweiser-kreisviersen.de.**

## ژیان لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی چۆنە؟

- بەیانیان باوان منداڵەکانیان دەبەنە بنکەی چاودێری ڕۆژانە. دواتر بەگشتی پێکەوە نانی بەیانی دەخۆن. پاشان چاودێری منداڵ لەگەڵ منداڵان یاری دەکات و گۆرانیان بۆ دەڵێت. ئەو لە منداڵان بۆ گەشەکردنی زمان، فێربوون و بوون لەگەڵیان بۆ دەرەوەی بنکە پشتگری دەکات. منداڵان شتە گرنگەکان وەک یاساکانی ڕێنمایی و شۆفێری و بینینی سروشت و ژینگە فێر دەبن. کاتی یاری لە ماڵەوە کارامەی خۆیان پەرە پێدەدەن.

- لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەدا خواردن دەخۆن و دەخەون. دایکی ڕۆژانە یان باوکی ڕۆژانەش داییی دەگۆڕێت. وە دەربارەی چاودێری تەندروست و پارێزراوی منداڵان دڵنیا دەبێتەوە.




وێنەی 1: پیشاندانی ساکاری بژاردەکانی چادێری منداڵ لە ئەڵمانیا



© Sergey Novikov – stock.adobe.com

## بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان (KiTa) چیە؟

- لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا، بەگشتی منداڵان لە نێوان دوو بۆ شەش ساڵ چاودێری دەکرێن و گەشە دەکەن.
- هەموو منداڵان لە سێیەمین ساڵی لەدایکبوونیانەوە تاکوو دەسپێکردنی قوتابخانە مافیان هەیە بڕۆنە باخچەی ساوایان.
- ساڵی چاودێریکردنی منداڵان بەگشتی لە مانگی ئۆگۆستەوە دەست پێدەکات.

## بژاردەکانی چاودێری بۆ منداڵانی تەمەن تاکوو 6 ساڵان

- چاودێری ڕۆژانەی منداڵان شوێنێکی پارێزراوە. منداڵەکەت لێرە هاوڕێ و برادەر دەدۆزێتەوە بۆ خۆی.
- منداڵەکەت فێری زمانی ئەڵمانی دەبێت و زۆرباش بۆ قوتابخانە ئامادە دەبێت.
- کاتێک کە منداڵەکەت چاودێری دەکرێت، وەک باوان کاتتت هەیە بۆنموونە بخوێنیت، بڕۆیە دەوام یان ئیشی ناو ماڵ بکەیت.
- چاوت بە باوان و منداڵانی تر دەکەوێت لە چاودێری ڕۆژانەی منداڵاندا. هەمووان دەیانهەوێ بێن. ئەگەر داوایەکت هەیە یان نیگەرانیت، لەگەڵ ڕاهێنەرەکان لەمبارەوە قسە بکە.

## دۆزینەوەی شوێنێک لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان

### بژاردەی 1

- لە ناوچەی فیرسەن دەتوانیت لەڕێگەی Kita-Online پۆرتاڵەکانی نووسینگەکانی ئاسایشی گەنجان ئاگاداری پێداویستییەکانت بییەوە. هەمووکات پۆرتاڵی Kita-Online لە شوێنی ژیانت بەکار بێنە زانیاری پەیوەندی دایرەکانی پەیوەست بە نووسینگەکانی ئاسایشی گەنجان لە ناوچەی فیرسەن لە پەڕەی 24ی ئەم نامیلکەیەدا دەدۆززرێتەوە.

### بژاردەی 2

- ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکە بە چاودێری ڕۆژانەی منداڵان. دەتوانیت چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی گونجاودا لە شوێنی ژیانی خۆت بدۆزییەوە. کاتێک کە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانت دۆزییەوە، دەتوانیت ڕاستەوخۆ داواکاری چاودێری منداڵ پێشکەش بکەیت.
- ئەگەر چاودێری ڕۆژانەی منداڵان شوێنێکی بەتاڵت پێشکەش دەکات، پرۆسەی ناوتۆمارکردن دەت پێدەکات. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ بنکەکەدا وتووێژێکی وەرگیران ئەنجام دەدەیت. ئەر پاش ئەوە بۆ ڕۆیشتن بۆ بنکە بڕیارت داوە لەگەڵ بنکەکەدا گرێبەستێک واژۆ بکەیت.

## تێچوونی چاودێری لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چەندە؟

- تیچوونەکانی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان و خواردن جیاوازە و پەیوەستە بە بڕی داهاتی ناپوختە و ژمارەی ئەو چاودێەریکردنانە کە ڕێکەوتنیان لەسەر کراوە و کاتەکانی چاودێری. ئەگەر منداڵەکەت 30 سێپتەمبەر دەبێتە 4 ساڵان، ئیتر پێویست ناکات هەتاکوو قوتابخانە دەست پێدەکات، تێچوونێک بدات. یارمەتی تێچوونی ژەمی خواردن جیاوازە و دەتوانیت لە بنکەی چاودێری پرسیار بکەیت.

## بنکەی چاودێری کەی دەکرێتەوە و کەی دادەخرێت؟

- کاتی چاودێریکردن پەیوەست بە چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی پەیوەست و شوێنەکە. هەندێک بنکە هەن بە هەفتەی: 25 کاتژمێر چاودێری، 35 کاتژمێر چاودێری یان 45 کاتژمێر چاودێری.



© akira_photo – stock.adobe.com

## سەرەتای بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان- گونجاوبوون

- دەسپێکی باخچەی ساوایان واتا گونجان لەگەڵ ئەودا. گونجان لەگەڵ ئەودا سەرنجڕاکێشە و نوێ بۆ باوان و منداڵ. چاودێری ڕۆژانەی منداڵان لەمبارەوە یارمەتیت دەدات.
- منداڵەکەت پێویستە بە باشی لە بنکەی چاودێریدا نیشتەجێ بێت. سەرەتا لەگەڵ تۆدا و پاشان بەتەنیایی
- سەرەتا لەگەڵ منداڵەکەت لە بنکەی چاودێری دەبیت. یەکەم سەردان کورتە. هەموو ڕۆژێ کات لەگەڵ ڕاهێنەرەکاندا ڕێک دەخەیت. هەربۆیە تۆ و منداڵەکەت بەباشی لەگەڵ شوێنە نوێیەکەدا ئاشنا دەبن. توش متمانە دەکەیت بە ڕاهێنەرەکان.
- ڕاهاتن لەگەڵ چاودێری ڕۆژانەی منداڵان لەوانەیە چەند هەفتە بخایەنێت.

### دەبێ بزانیت کە:

- هەمووکات بە تەلەفۆن بەردەست بیت.
- گریان زۆر ئاساییە. ڕاهێنەرەکان دڵخۆشی منداڵەکەت دەدەنەوە.
- زانیاری گرنگ دەربارەی منداڵەکەت دەدەیت بە چاودێری ڕۆژانەی منداڵان، وەک حەساسییەت نەخۆشی بەردەوام یان پێداویستی تری تایبەت.

# ڕۆتینی ڕۆژانەی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان




وێنەی 1: پیشاندانی ساکاری بژاردەکانی چادێری منداڵ لە ئەڵمانیا

## منداڵەکەم بۆ ڕۆیشتن بۆ بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان چی پێویستە؟

### لیستی پشکنینی نموونە

- ✓ کۆڵەپشتی/ جانتا
- ✓ دەفری نانی نیوەڕۆ
- ✓ بۆتڵی ئاوخواردنەوە
- ✓ سۆڵ
- ✓ جلوبەرگی تایبەتی وەرز: کڵاوی خۆر، جلی مەلە، کڵاو، سەرمل، دەستەوانە
- ✓ جلی باراناوی پانتۆڵی قوڕ، چاکەتی باران، چەکمەی لاستیکی
- ✓ جلوبەرگ بۆ گۆڕین
- ✓ داییی و دەسرەی سڕین ئەگەر پێویستە
- ✓ وێنە منداڵەکەت
- ✓ لەیبڵی ناو

## هەندێک خاڵ و تێبینی بۆ ڕابواردنی کات و ساتی خۆش و بەبێ گوشاری دەروونی لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان

- ئەوەندەی دەتوانیت شەوی پێشوو کەلوپەلوەکان ئامادە بکەیت، ئەمە بۆ ڕۆژی دواتر زۆر یارمەتیدەر دەبێت.
- لە کاتی خۆیدا لە بنکەی چاودێری بە، هەربۆیە کاتی پێویستت بۆ ماڵئاوایی دەبێت.
- ئەگەر درەنگ هاتی، پەیوەندی بکە بە چاودێری ڕۆژانەی منداڵان!
- کاتەکانی ڕادەستکردن ڕەچاو بکە، منداڵەکەت چاوەڕێیی بینینی تۆ دەکات!
- لە هەموو دیدارەکاندا بڕواپێکراو بە.
- ئەگەر لە شتێک تێنەگەیشتی پرسیار بکە.
- لەگەڵ پسپۆڕەکاندا ببە بە هاوڕێ و ڕاستگۆ بە و قسەیان لەگەڵ بکە ئەمە دەبێتە هۆی هاریکاری سەرکەوتوو.

## زانیاری بۆ باوان – ڕووداوەکانی باوان

- زۆربەی بنکەکان نامەکانی باوان، ئاگادارکردنەوەکان/نامیلکەکان و ڕووداوەکان وەک ڕێگەچارە بۆ پێدانی زانیاری بە باوان بەکار دێنن. بەوردی لەناو بنکەی چاودێری منداڵەکەتدا پیاسە بکە و سەیری ئاگادارییەکان بکە لە ماوەی کاتی ئاساییدا کەوایە هیچ لەدەست نادەیت.
- لە ڕووداوەکانی باواندا بەگشتی زانیاری پەروەردەیی و گۆڕانکاری لەناو دەستەدا ڕۆژانە پێشکەش دەکرێت.
- ئەم دەرفەتە بۆ پرسیارکردن و فێربوون و ناسینی باوانەکانی تر بەکار بێنە.

## گرووپی فرە زمانەی باوان - منداڵ

**Griffbereit**
Familien entdecken gemeinsam
Spiel und Sprache

- پرۆگرامی ڕاهێنانی بنەماڵە بۆ باوان و منداڵانی نێوان 0 تاکوو 3 ساڵی ئەوان
- گەشەکردنی فرەزمانی لەڕێگەی چالاکی ڕۆژانەوە.

**Rucksack KiTa**
Alltagsintegrierte Sprach- und Familienbildung

- پرۆگرامی ڕاهێنانی فرەزمانی بۆ باوان و منداڵانی نێوان 4 ساڵ تاکوو 6 ساڵی ئەوان کە دەڕۆنە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان
- برەوپێدانی هاوتەریبی زمانی بنەماڵە و زمانی دەوروبەر.

i

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە
بنکەی یەککخستنەوەی شارەوانی ناوچەی ڤیرسەن
بە تەلەفۆنی: 02162 39-1961
یان ڕەقەم مۆبایل: felicia.bot-jurca@kreis-viersen.de

# یارمەتی پێشوەخت – پشتگری و ئامۆژگاری بۆ ئەو بنەماڵانەی منداڵانی تەمەن تاکوو 3 ساڵیان هەیە

زۆربەی **باوان زۆر خۆشحاڵن** کە منداڵیان هەیە. منداڵ دەتوانێت **گەلێک خۆشی** بە دیاری بێنێت. منداڵ **بەڵام گۆڕانکاری زۆریشی هەیە.** باوان دەبێ **گەلێک شتی نوێ** فێر بن. زۆربەی **شتەکان جیاواز لە پێشوو** ئەنجام بدەن.

یارمەتی پێشوەخت دەکرێ ئەمانە بێت:

- **ئامۆژگاری**
  ئامۆژگاری دەکرێ لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە نزیکەوە پێشکەش بکرێت
- **ناوبژیوی**
  باوان بۆ ناوبژیوی یارمەتی دەدرێن. بۆ نموونە بنەماڵەیەک دەناسرێت بە مامان، فەرمانبەری تەندروستی بنەماڵە، یان عیادەی پزیشکی منداڵان.
- **لەگەڵ بوون**
  لەگەڵبوون واتا: یەک کەس پشتگری بنەماڵە دەکات. بۆنموونە مامانی بنەماڵە دێتە ماڵە تۆ.

یارمەتی پێشوەخت دەدات لە :

- کاتی دووگیاندا
- ئەو کاتەی کە دەبێ دایکان و باوکان چاودێری منداڵی ساوا بکەن.
- دایک و باوکان لەگەڵ منداڵانی کەم تەمەن تاکوو 3 ساڵان.

- هەموو پێشنیارەکانی یارمەتی پێشوەخت بێبەرامبەرن:
  ڕێنمایی بنەماڵەی ناوچەی ڤیرسەن
  **www.kreis-viersen.de/themen/soziales/auf-familienwegweiser**
- پێشنیارەکان خۆبەخشانە**ن**.
- هەردەم دەتوانیت بڕیار بدەیت ئاخۆ پێشنیارەکانت دەوێ یان نا.

## زانیاری پەیوەندی یارمەتی پێشوەخت

### یارمەتی پێشوەختی شاری کەمپن

نووسینگەی بنەماڵە+بنکەی هەماهەنگی پێشوەختی „iM DiALOG”

- ساندرا موڵەر

  تەلەفۆن: 02152 9173037

  ئیمەیل: sandra.mueller@kempen.de

### یارمەتی پێشوەختی ناوچەی ڤیرسەن

ناوچەی ڤیرسەن – نووسینگەی قوتابخانەکان، گەنجان و بنەماڵە:

بروگەن، گرفراس، نیدەرکروشتەن، شوالمتال Toenisvorst .

- نینا بکەر

  تەلەفۆن: 02162 39-1869

  ئیمەیل: nina.becker@kreis-viersen.de

### یارمەتی پێشوەختی شاری نەتال

نووسینگەی هەماهەنگی بنەماڵە یارمەتی پێشوەخت+ئامۆژگاری پسپۆڕی چاودێری ڕۆژانەی منداڵ

- ئینگا هینز

  تەلەفۆن: 02153 898-5303

  ئیمەیل: inga.hinz@nettetal.de

### یارمەتی پێشوەختی شاری ڤیرسەن

تۆڕی هەماهەنگی KONKRET – پشتگری بنەماڵەکان و دایکانی گەنج

- **نیکۆل هەنبۆهل**

  تەلەفۆن: 02162 101-768

  ئیمەیل: nicole.henneboehl@viersen.de


### دەرفەتی پێشوەخت لە شاری ویلیچ

تۆڕی هەماهەنگی دەرفەتە سەرەتاییەکانی ویلیچ

- مەلانی گەنز

  تەلەفۆن: 02154 48-1508

  ئیمەیل: m.genz@caritas-viersen.de



© fizkes – stock.adobe.com

## پشکنین بۆ دەستنیشانکردنی پێشوەخت – دەرفەتێک بۆ هەر منداڵێک

- پشکنینی دەستنیشانکردنی پێشوەخت ئەم هەلە بۆ منداڵەکەت دەڕەخسێنێت کە کێشەکانی تەندروستی یان نائۆرمی شاراوە لە گەشەکردندا بەوخت دەستنیشان و چارەسەر بکرێن و منداڵەکەت ئەگەر پێویست بکات دەکرێ بەتایبەتی پشتگری بکرێت.
- بۆ هەر پشکنینێک دەفتەرێکی زەردی پشکنینی منداڵان، کارتی بیمەی تەندروستی منداڵ ("کارتی تەندروستی) و کوتان ناسنامەت پێ بێت
- کاتی پشکنینی تاکەکەسی ڕێک بخە لەگەڵ ئەو عیادەی پزیشکییەکە هەڵیدەبژێریت.
- بۆئەوەی بپارێزرێت، پێویستە هەمووکات زووتر کات دیاری بکەیت و هیچ پشکنینێکی دەستنیشانکردنی پێشوەخت لەدەست نەدەیت.

# پۆرتاڵی KITA-ONLINE

- باوان دەتوانن لە پۆرتاڵی ئینتەرنێتی KITA-ONLINE پێداویستی خۆیان ڕاپۆرت بکەن دەربارەی شوێنێکی چاودێری هەم لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەدا و هەم لە باخچەی ساوایان.

- ڕاگەیاندنی پێداویستی لەڕێگەی KITA-ONLINE جێگرەوەی سەردانکردنی تاکەکەسی باوان نابێت لە بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی پێویست یان دڵخواز. شوێنەکانی چاودێری ڕۆژانە تەنیا لە لایەن بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان و فەرمانبەرەکانیانەوە پڕ دەبێتەوە. پەیوەندییەکی تاکەکەسی بۆنموونە لە چوارچێوەی گفتوگۆی تاکەکەسیدا وتووێژ، سەردانی بنکە یان سەردان لە" ڕۆژانی درگای کراوە"دا ئەنجام دەدرێت تکایە سەرنج بدە کە بەپێی داواکاری- ناو تۆمارکردن لەڕێگەی KITA-ONLINE گەرەنتی شوێنێک ناکات لە ئاسانکاری ئەو شتەی کە داوای دەکەیت.

- هەموو بنکەکانی چاودێری منداڵانی شار یان کۆمەڵگای پەیوەست لە پۆرتاڵەکەدا لیست کراوە بۆ دۆزینەوە بۆ بەکارهێنانی، دەبێ لە پۆرتاڵەکەدا ناوت تۆمار بکەیت و حسابێکی بەکارهێنەر دروست بکەیت.

ئەگەر پرسیارت هەیە دەربارەی KITA-ONLINE تکایە پەیوەندی بکە بە:

## Brüggen, Grefrath, Niederkrüchten, Schwalmtal und Tönisvorst

- ئینگا داک هۆرن
  تەلەفۆن: 02162 39-1677
  ئیمەیل: kita-online@kreis-viersen.de

## شاری کەمپین

- کاترینا تتەرهۆڤەن — کریستیا کلینگن بێرگ
  تەلەفۆن: 02152 917-3064 — 02152 917-3062
  ئیمەیل: kitaonline@kempen.de

## Stadt Nettetal

- ئینگا هینز — Stefan Reinders
  تەلەفۆن: 02153 898-5103 — 02153 898-5103
  ئیمەیل: inga.hinz@nettetal.de و stefan.reinders@nettetal.de

## شاری ڤیرسەن

- ئیمەیل: kitaonline@viersen.de

## شاری ویلیچ

- کینگا لوکاسیک
  تەلەفۆن: 02154 949-646
  ئیمەیل: kinga.lukasik@stadt-willich.de

Frühe Bildung: Gleiche Chancen
Bundesprogramm Kita-Einstieg

# پرۆگرامی فیدراڵ بۆ هاتنەناو باخچەی ساوایان:
# "دروستکردنی پرد لە ڕاهێنانی پێشوەختدا"

پرۆگرامەکە پێشنیاری ئاست نزم بەرز دەکاتەوە بۆ ئەو بنەماڵانەی کە ئەزموونی پەنابەرییان هەیە یان زەحمەتی چوونە ژورەوەی تایبەت و پشتگیری دەکەن لە چوونە ژووروەوە بۆ چاودێری کردنی ڕۆژانەی منداڵان.

### هەماهەنگی ناوچەی فیرسەن
### نووسینگەکانی قوتابخانەکان، گەنجان و بنەماڵە:

### Brüggen, Grefrath, Niederkrüchten, Schwalmtal, Tönisvorst

- جۆرجینا سمیت
  تەلەفۆن: 02162  39-1844
  ئیمەیل: georgina.smith@kreis-viersen.de

### هەماهەنگی شاری نێتاڵ

- ئانکە هەرایچ
  تەلەفۆن: 02153  898-5133
  ئیمەیل: anke.heraiech@nettetal.de

## ئەدەبیات

ئەم بابەتانە ئەو کتێبانەن کە لەم ڕێنمایەدا ئاماژەیان پێکراوە.

بۆلەر، ئان. (2008). منداڵەکەم دەڕواتە باخچەی ساوایان، مۆنیخ  و هشانی
1): Ernst Reinhardt GmbH & Co KG Verlag

دەستەی ڕاهێنان، چاودێری و پەروەردەکردنی سەرەتایی(FBBE) ، نووسینگەی چاپەمەنی
Paritätische Hamburg (2017). بەخێر بێی بۆ بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵانی ئێمە،
بەرلین: ئەنجومەنی یەکسانی

دیهل، ئوتە و کارل (2007). ڕێنمای باوانی باخچەی ساوایان و قوتابخانەی سەرەتایی، خاڵ و
یارمەتی بۆ ژیانی ڕۆژانەی قوتابخانە، Osnabrück

ئێنگلسمەن، پی. (2019) ElternLeben.de. منداڵەکەم دەڕواتە باخچەی ساوایان، بۆ دەسپێکی
باش لە باخچەی ساوایان، Hamburg: tredition GmbH

وەزارەتی کلتووری نیدرزاکسۆن (2020) . منداڵەکەم لە باخچەی ساوایان، هەندێک زانیاری بۆ
باوان دەربارەی بنکەی چاودێری ڕۆژانەی منداڵان لە نیدرزاکسۆن، هانۆڤەر oeding print :
GmbH

گەلێک سوپاس بۆ هاوکاری لە ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە:

**نووسینگەی قوتابخانەکان، گەنجان و بنەماڵەی ناوچەی ڤیرسەن:**

**ئامۆژگاری پسپۆڕی بۆ چاودێری ڕۆژانەی منداڵان**

خاتوو سۆزان ڕاینارتز

خاتوو کاتیا شولت

**یارمەتی پێشوەخت**

خاتوو نینا بەکر

**پڕۆگرامی فیدراڵی: "Kita-Einstieg" دروستکردنی پرد لە ڕاهێنانی پێشوەختدا"**

خاتوو جۆرجینا سمیت

خاتوو سابرینا بین

خاتوو سێلڤیا فرتز

**KiTa-Online**

خاتوو ئێنگا داکهۆرن

KREIS VIERSEN

Kommunales Integrationszentrum Kreis Viersen


Kreis Viersen

Sozialamt – Kommunales Integrationszentrum

Rathausmarkt 3 | 41747 Viersen

www.kreis-viersen.de



Gefördert durch:

Ministerium für Kinder, Jugend, Familie, Gleichstellung, Flucht und Integration des Landes Nordrhein-Westfalen

Ministerium für Schule und Bildung des Landes Nordrhein-Westfalen



Impressum

| | |
|---|---|
| Herausgeber: | Kreis Viersen – Der Landrat<br>Sozialamt – Kommunales Integrationszentrum |
| Druck: | Druckzentrum Kreis Viersen |
| Stand: | November 2022 |
| Fotos: | ©Kreis Viersen – sofern nicht anders vermerkt |
| Infografiken: | ©Kreis Viersen – Kommunales Integrationszentrum |